

## زیزی عادل بۆ گوڵان:

# بەبێ ستار ئەکادیمیش جەماوەرم دەبوو

***زیزی عادل یەکێك بوو لە بەشداربووەکانی بەرنامەی ستار ئەکادیمی دوو، هاوکات یەکێك بوولە پاڵێوراوە سەرەکییەکان بۆ بەدەسهێنانی نازناوەکە، بەڵام بەشێوەیەکی کتوپ ر و دوور لە هەموو پێشـــبینییەکان نەگەیشتە قۆناغی کۆتایی، بەڵام دواتر بەردەوام لەسەر گۆرانی گوتن و بەم دواییەش ئەلبوومێکی بڵاوکردەوە کـە کۆمپانیای رۆتانا بـــە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەستا، زیزی عادل لە رێگای عادلی باوکی و حوسامەددین کە بە رێوەبەر و هەڵســو رێنەری کارەکانیەتــی و دوای ئـــەوەی چەندین جــار هەوڵماندا وەڵامی چەند پرســیارێکی گۆڤــاری گوڵانی دایەوە.***

## بەهرە و باکگراوەندی رۆشنبیری بۆ هونەرمەند پێویستە

*** ئەگەر بەرنامەی ستار ئەکادیمی نەبوایە تۆ دەبووی بە هونەرمەند؟**

- من دەمێکە خەریکـــی گۆرانی گوتنم، خۆشەویســـتی من بۆ هونەر وەسف ناکرێ، بەڵام دەکرێ بڵێین بەرنامەی ستار ئەکادیمی دەرفەتێکی بۆ رەخســـاندم بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم زیاتر پەرە بـــە بەهرە و تواناکانی خۆم بـــدەم، هەروەهابووە هۆی ئـــەوەی لە لایەن جەماوەریشەوە زیاتر بناسرێم.

*** هۆکاری دەرچوونت لە ســـتار ئەکادیمی بۆچ دەگە رێنیتەوە ؟**

- من بەلامەوە گرنگ نییە کە پلەی یەکەم بەدەســـت بهێنم یان پلەیەکی دیکە، ئەوەی لە توانامدا هەبوو پێشکەشـــکم کرد، بەڵام نەمتوانی ئەو دەنگە پێویســـتانە بەدەســـت بهێنم کە بمێنمەوە یان بگەم بەو ئاستەی کە پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، هەرچۆنێك زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە دەنگیان پێمدا و سوپاســـی بە رێوەبەر و سەرپەرشتیارانی ئەکادیمیاش دەکەم .

*** زۆر شت دەربارەی ئەکادیمیا بڵاوکرایەوە ئایـــا ئەمانە تا چەند کاریگەرییان بەســـەر تۆوە هەبوو؟**

- من زۆر جاری تریش باسم کردووە ئەمانە هەموویان قســـەی بێ بنەما بـــوون، ئێمە هەموومان وەك یـــەك خێزان بەیەکەوە بووین و چەند کاتێکی خۆشـــمان بەسەر برد هەر بۆیەش ئێســـتاش پەیوەندیمـــان هەر ماوە و ســـەردانی یەکتر دەکەین تەنانەت زۆر جار هاوکاری یەکتریش دەکەین .

*** پێـــت وایـــە نادادپەروەرییـــەك هەبوو لە بەرنامەکە؟**

- نەخێـــر نادادپەروەری بە هیچ شـــێوەیەك نەبوو، چونکە لیژنەیەك نەبوو کە سەرکەوتن و ســـەرنەکەتنی ئێمەی بە دەست بێت زیاتر پشـــت بە دەنگی جەماوەر دەبەسترا، ئەوەی زۆرترین دەنگی جەماوەری بەدەست بهێنابا ئـــەو دەمایەوە و ســـەردەکەوت بۆیە پێموایە دادپەروەری هەبوو لە بەرنامەکە.

*** ئەگەر جارێکی تر بەشـــداری لە ستار ئەکادیمی بکەیتەوە پلەی یەکەم بەدەســـت دەهێنی؟**

- من قەت بیریش لەوە ناکەمەوە بەشـــداری بکەمـــەوە، چونکە مـــن وەرناگیرێم لەبەر ئەوەی گۆرانـــی و بەرهەمی تایبەتی خۆم بڵاوکردۆتەوە، جەماوەریش هیچ دەنگم پێ نادات، هەروەها دەبێ رێگا بۆ لاوانی دیکە خۆش بکەین کە ئەوانیش بێن وبوونی خۆیان

بسەلمێنن لە هونەری گۆرانی گوتندا هەروەك چۆن پێویستە هونەرمەندانی بەر لە ئێمەش رێگامان بۆ خۆش بکەن و یارمەتیمان بدەن.

***ئەکادیمیا ئێستا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو کاتەی ئێوە لەوێ بوون ؟**

- من لە خولی دووەمی ستار ئەکادیمی بەشداریم کرد زۆر حەزم دەکرد لە خولی یەکەمیش بەشدار بووم، پێموایە هەر خولێك لە خولەکەی پێشتر باشتر و سەرکەوتووتر بووە پێموایە خولەکانی داهاتووش بە هەمان شێوە سەرکەوتوو دەبن، چونکە ئێستا ئەم بەرنامەیە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری نیشتیمانی عەرەبی و بە رێوەبەرایەتییەکەشی رۆژ دوای رۆژ سەرکەوتووتر دەبن لە راپەراندنی کارەکانیان.

*** بیرت لەوە دەکردەوە رۆژێك لە رۆژان ببیت بە گۆرانبێژ و بەرهەمی تایبەتی خۆت بڵاوبکەیتەوە؟**

- وەك ئومێد و خەونێك هەمیشە بەو هیوایە بووم کە رۆژێك دێت منیش وەك زۆر لە گۆرانبێژان بتوانم لەسەر تەختەی شانۆ گۆرانی بڵێم و جەماوەر بمناسێ، چونکە خۆشەویستییەکی بێ سنوورم هەبوو بۆ گۆرانی گوتن، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم لەبەر ئەو خۆشەویستییەی من بۆ هونەر ئەگەر بەرنامەی ستار ئەکادیمیش نەبووایە من جەماوەرم دەبوو و دەناسرام،دایك و باوکیشم هەمیشە هانیان دەدام وهەوڵی ئەوەیان دەدا کە من بەردەوام بم و بواری بۆ رەخساندم، دایکم هەمیشە بۆ دڵدانەوەی من دەیگوت رۆژێك دێ تۆش ناوبانگت دەبێت وەك هونەرمەندە ناودارەکان، منیش بە زەردەخەنەیەك وەڵامم دەدایەوە و لە دڵی خۆم دەمگوت خۆزگە وابێت.

*** بۆچی کە تەلەفۆنت بۆدەکەین هەمیشە باوکت وەڵام دەداتەوە ؟**

- ئەمە زۆر ئاساییە، چونکە باوکم هەمیشە هاندەرم بووە، ئێستاش بەردەوام لەگەڵمدایە و لە گشت کارەکان راوێژ لەگەڵ بە رێوەبەری کارەکانم دەکات منیش زۆر دڵخۆشم بەوەی باوکم بەو شێوەیە هاوکاریم دەکات.

*** هونەرمەند چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- هونەرمەند بە گشتی پێویستە باکگراوندێکی رۆشنبیری بۆ شێوازی گۆرانی گوتنی هەبێت و و بەهرەی دەنگی تێدا هەبێت واتە لە بنە رەتەوە خاوەن دەنگێکی تۆکمە و هونەری بێت و شارەزاییەکی هونەری هەبێت، هەوڵ بدات دەنگ و بەهرەی خۆی بۆ خزمەت کردن و دڵ خۆش کردنی جەماوەر بەکار بهێنێت، هەروەها دەبێ ئاگاداری گشت هەنگاوەکانی خۆی بێت لە ژیانی ئاساییدا، چونکە **بۆ هونەرمەند هەموو هەنگاوێکی حیسابی بۆ دەکرێت بۆیە لە ژیانی ئاساییشدا دەبێ زۆر وریا بێت.**

*** ئەی چی دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هونەرمەند؟**

- ناتوانم بڵێم هونەرمەندی سەرنەکەوتوو مەرجی هەیە، بەڵام هەر هونەرمەندێ خۆی ماندوو نەکات ئەوا سەرکەوتوو نابێ، چونکە ئەگەر ماندوو نەبێت ناتوانێت کاری باش پێشکەش بکات .

***کلیپی ئافرەتان دەبێ چۆن بێت؟**

- هەر گۆرانییەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە رووی ئاواز و هۆنراوەوە بۆیە دەبێ کلیپیش لەگەڵ ئاواز و هۆنراوەکان گونجاو بێت، دەبێ ئەو سیناریۆیەی کلیپەکەی پێ پێشکەش دەکرێت بەشێوەیەك بێت کە جەماوەر بخاتە ناو رووحی گۆرانییەکە و هەستی پێ بکات، گۆرانی هەیە خێرایە کلیپەکەی سەما کردنی پێویستە، بە پێچەوانەشەوە گۆرانی هەیە هێمن و لەسەرەخۆیە دەبێ گۆرانیبێژ یان ئەوەی لە کلیپەکەدا بەشدارە جوڵە و هەڵسوکەوتی هێمن لەسەر خۆ بن، نەك گۆرانییەکی هێمن بچی سەمای تێدا بکەی.

*** ئایا راستە لوبنانییەکان ئێستا لە پێش میسرییەکانەوەن لە هەموو بوارەکانی هونەردا؟**

- من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم کە بەراورد بکرێ لەنێوان میسری و لوبنانی یان کەنداوی یان عێراقی، هەموومان هونەر پێشکەش بە جەماوەر دەکەین هەریەکێك بە شێواز و ستایلی خۆی و هەر یەکیشیان جەماوەری خۆی هەیە، من جەماوەرم لە لوبنان و ئیمارات و عێراق هەیە بە هەمان شێوە گۆرانیبێژێکی عێراقی یان لوبنانی جەماوەری لە میسر هەبێت.

*** تا چەند پشت بە جوانی دەبەستی بۆ سەرکەوتن؟**

- هیچ کاتێك نەمگوتووە پشت بە جوانی خۆم دەبەستم بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم، هونەرمەند دەبێ پشت بە توانا و دەنگی خۆی ببەستێت، ئینجا پێویستە بزانێت چۆن





دەرکەدەوێ لە لایەن جەماوەرە.

*** هەندێك كـەس پێت دەڵێن بیۆنسی میسری رات چییە بەارمبەر بەو نازناوە؟**

-دوای ئەوەی بەرهەمـی (وعد عليا)م پێشکەش کرد زۆر کەس پێیان وابوو من تەقلیدی بیۆنسی دەکەمەوە، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك راست نییە ئەگەر لێکچوونێکیش هەبێت لە نێوانمان لە رووخساردا، سەبارەت بە تەقلیـد کردنیش من قەت بیرم لـەوە نەکردۆتەوە زۆر ئاساییشە بۆ گۆرانیبێژیکی وەکـو مـن بـە هەر شێوازێك گۆرانی بڵێ یـان چۆن دەربکەوم، چونکە ئەمە مافێکی خۆمە.

*** چۆن دەروانیە سینەما؟**

- تـا ئێسـتا بەشـێوەیەکی جـددی بیرم لێنەکردۆتـەوە رەنگە حەزیـش بکەم، بەڵام دەبێ من ئێستا وەك گۆرانیبێژ بوونی خۆم بسەلمێنم ئینجا بیر لە سینەما بکەمەوە یان بەشداری لە کاری سینەماییدا بکەم.

*** هەندێك لـە کچە گۆرانیبێژە عەرەبەکان روویان لە ئەستێرەکانی سینەما و تەلەفزیۆن کردووە لە کلیپەکانیاندا، رات چییە بەرامبەر بەم هەنگاوە؟**

- هـەر هونەرمەندێك ئـازادە لەوەی چی دەکات، بـەڵام مەبەسـتی سـەرەکی ئەم کارە سـوود وەرگرتنـە لـە ناوبانگی ئەم هونەرمەندانە بۆ سـەرکەوتنی کلیپەکانیان، بـەرای من جەمـاوەری ئـەم ئەکتەرە بۆ گۆرانییەکە گوێـی لێناگری بەڵکو تەنیا بۆ بینینی ئەو ئەکتەرەی کە خۆشی دەوێ سەیری دەکات .

*** ئایـا دواییـن بەرهەمت سـەرکەوتنی پێشبینی کراوی بەدەستهێنا؟**

- من خۆم لـە بەرهەمەکـەم رازی بووم، چونکە دوای ماندوو بوونێکی زۆری من ئەم بەرهەمـەم ئەنجامدا و لە رێگای کۆمپانیا رۆتاناوە چاپ و بڵاوکردەوە، پروپاگەندەیەکی باشیشـی بۆ کـرا، بە رای مـن لـە لایەنی جەماوەریشـەوە سەرکەتوو بوو.

*** رۆژانە چەند وەرزش ئەنجـام دەدەی؟**

- بەپێـی توانا و کات وەرزش ئەنجام دەدەم بۆ ئەوەی کێشی لەشی خۆم بپارێزمڤ

*** هاندەری چ تیپێکی؟**

- زۆر سـەیری تۆپی پێ ناکەم، بەڵام هەر کاتێك هەڵبژاردەی میسـر یـاری هەبێت ئەوا هەمـوو کاتی خۆم بۆ سـەیر کردنی یارییەکە تەرخان دەکەم و هاندەرێکی سەر شێتی هەڵبژتردەی میسرم.

*** ئێستا چی نوێت لەبەر دەستە؟**

- دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەم چەندین ئاهەنگم لە وڵاتە عەرەبییەکان ساز کردووە، سـوپاس بۆ خـوا زۆر سـەرکەوتوو بوو و جەماوەرێکی زۆریش ئامادەی ئاهەنگەکان بـوون ئەمەش یەکێك بوو لە نیشـانەکانی سەرکەوتنی بەرهەمەکەم.



# جـــۆلیا دەگەڕێتەوە



دوای ئـــەوەی بـــۆ ماوەیەکـــی زۆرۆ ئەســـتێرەی سینەمایی ئەمریکی جۆلیا رۆبیرتـــس دوور کەوتەوە لە بەشـــداری کردن لە کاری سینەمایی نوێ، ئێستا خۆی ئامـــادە دەکات بۆ کارێکی نوێ ئەگەر گفتوگۆکانی سەرکەوتوو بوون.
ئێســـتا جۆلیا خەریکـــی لێکۆڵینەوەی زیاترە دەربارەی فیلمی (Duplicity) ئەم فیلمە بە شێوەیەکی کۆمیدی باس لـــە دوو ســـیخو ر دەکات کـــە هەوڵ دەدەن زۆرتریـــن خاڵ تۆمـــار بکەن لە جیهانی ســـیخو ریدا لەنێوان کۆمپانیا قورخکارەکانەوە، لـــەم فیلمەدا ب ریار وایە هونەرمەند کلیڤ ئۆین بەشداری لە پاڵەوانێتییەکەی بدات لە پاڵ جۆلیا، چیرۆکـــی فیلمەکە تـــا رادەیەکی زۆر نزیکە لە زنجیرەی (s'Ocean) کە لە دوو بەشیدای جۆلیا بەشداری کرد.
شایەنی گوتنە دوایین فیلم کە جۆلیا بەشـــداریی تێدا کردووە لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو.

# بریـــتنی
## بە ئۆتۆمبێل بەسەر پێی وێنەگرێک دەکەوێت



بـــەر لە دوو ســـاڵ دوای ئـــەوەی برێتنی ســـپێریزی گۆرانیبێـــژی ئەمریکی لە دادگا کێشـــەیەکی دۆ راند زۆر بە تو رەیی و لە حاڵەتێکی دەروونی خراپدا لە دادگا دەرچوو و لە رێگا کۆنترۆڵی بەســـەر ئۆتۆمبێلەکەیەوە نەما و بەسەر پێی وێنەگرێکی کەوت .
ریکاردۆ میندۆزا کە وێنەگرە لە دادگا داوایەکی دژی برێتنی ســـپێرز بەرز کردۆتەوەی بـــەوەی بە ئۆتۆمبێل بەســـەر پێی کەوتووە و ژیانی خســـتۆتە مەترسییەوە و بە لێخو رینی ئۆتۆمبێـــل بە بێ گوێدانە ژیانی خەڵك تاوانباری کردووە، ئـــەم داوایەش چەند رۆژێك دێن لەو گەشـــتە هونەرییەی کە برێتنی بە نیـــازە لە لەندەن و پاریس و ســـتۆکهۆڵم و وارشـــۆ ئەنجامی بدات، بەڵام رەنگە کاریگەری بکاتە سەر گەشتەکەی.

# ئەمیتاب دکتۆرایەکی فەخری رەتکردەوە

دوای ئەوەی لە ئوســـترالیا لە لایەن چەند کەســـانێکەوە هێرش کرایە ســـەر ژمارەیەك قوتابی هیندی، ویب ســـایتی ئەســـتێرەی سینەمایی هیندی و جیهانی ئەمیتاب باتشان رایگەیانـــد کە ئەمیتـــاب ب روانامەیەکی فەخری یەکێك لە زانکۆکانی ئوسترالیا رەت کردەوە. بەر لە ماوەیـــەك ژمارەیەك قوتابی هیندی کە لە ئوسترالیا دەخوێنن دووچاری چەند هێرشێك بوونەوە لەو وڵاتە ئەمەش ترس و دڵە راوکێیەکی زۆری لە دڵی هیندییەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دروستکرد.
بەر لەم هێرشـــانەش زانکۆی کۆینزلاند بۆ تەکنۆلۆژیا لە بریسیان دکتۆرایەکی فەخری پێشکەش بە ئەمیتاب کرد وەك رێزلێنانێك بۆ بەشداری کاریگەری ئەمیتاب لە سینەمای هینـــدی و جیهانی، بـــەڵام ئەمیتاب وەك پیشـــتگیرییەك بۆ قوتابییـــە هیندییەکان .
هەرچەندە ئەمیتابی تەمەن ٦٦ ساڵ پێشتر رەزامەندی خۆی دەرب ری بوو بۆ وەرگرتنی ئەم ب روانامەیە.



# بێ بەرنامەیی لە هونەر و پەیامەکەی دا هۆکاری کەوتنەوەی قەیرانە




دیمانە:سۆران مارف کریم
Soranmarif@hotmail.com

***سەڵاح رئوف چۆن باس لە مێژووی کاری هونەری تایبەتی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات؟**

- ئەو ساتانەی من ڕێگەی هونەرم هەڵبژارد، تەنها لە ڕێی خۆشەویستی کەسێتی خۆم بوو، ئەمویست ئەو تواناو بەهرەیەی هەمە لە ڕێ هونەرەوە بەدەوروپشتەکەمی ئاشنا بکەم، ئەمویست بەخەڵکی بڵێم من خاوەنی بەهرەیەکم، نەم ئەزانی هونەر ڕێگایەکی بەمجۆرە دژوارو سەختە، نەمئەزانی هونەر خاوەنی ئەو پەیامە گەورەیەیە، کە ئەتوانرێ بەهۆیەوە شۆ ڕشێك بەرپابکرێت، نەمئەزانی هونەری ڕاستەقینە ئاوێنەی پیشاندەری ڕواڵەتی میللەتە، بەهۆی هونەرەوە میللەت بەدەوروپشت وبگرە بەجیهانیش ئەناسێنرێ، نەمئەزانی تەنانەت نەتەوە ڕەوەندەکانیش هونەریان بەدەیان جار لەخاك لا پیرۆزترە و بە هێمای پێناسەی بوونی ڕەسەنایەتی خۆیانی ئەزانن، ئەوساتەی من توانیبێتم گەر چڵەپوشێکیش بێت لەسەر هێلانە پ ر سەرورییەکەی هونەری میللەتەکەم دابنێم خۆم بەسەربەرز ئەزانم، بۆیە من لەزاری خۆمەوە ناتوانم هیچ مێژوویەك بۆکارەهونەرییەکانی خۆم دابنێم، گەر هونەرم کردبێت ئەبێ ئەوان بدوێن، گەر زیندوو بن، گەر زیندوش نەبن ئەوا مێژووی چی، بەڵگەی زیندو مێژوو دروست ئەکات، هەتا ئێوارە خۆم هاواربکەم ناتوانم بەئاستی زیندوویی کارێکی هونەری بدوێم، لەبەر ئەوەی هونەر زمانی دواندنی خۆی هەیە، ڕێ نادا کەس لەجیاتی بدوێ،قایل نابێت لەپاشەملە باسی بکەن، زۆر بەزوویی بەدرۆت ئەخاتەوە، بۆیە با خۆیان بدوێن، دوور لە باسکردن و پیاهەڵدانی من.

*** بنەماڵەی ئێوە تاچەند پێیان خۆش بوو کەوا تۆ لەخزمەتی هونەری موزیك بوونت هەبێت ؟**

- من لە خێزانێکی ئاینی بووم..؛ ماوەیەکی زۆر بەنهێنی سەرقاڵی فێربوونی کەمانچەبووم، تا لەڕووداوێکدا، دۆستێکم ئاشکرای کرد کە من خولیای هونەرم، پاش ئەوە باوکم خۆی بانگی ئەکردم تا مۆسیقای بۆ بژەنم، بەڵام ئەوسەردەمانە زۆر بەئاشکرا لە ڕوومان نەدەهات ئامێرەکانمان لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین، لەشاری سلێمانیدا سەرەتای خۆشەویستییەك بۆ هونەر درووست ببوو، لەبەر ئەوەی کە من وەکوقوتابیەك چوومە چالاکی هونەری سەیرم ئەکرد بەسەدان کەس ڕووی ئەکردە ئەومەڵبەندە، ئەوەش ڕۆڵی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپە هونەرییەکانی تری تیابوو.

*** لە میوزیك ژەنانی بەکێ جیهان ئەوکات سەرسام بوویت ؟**

- وەکوو هەردەم باسم کردووە کەسانێکی وەکو مۆزارتی مۆسیقازانی بلیمەتی جیهانی،ئەوسات و ئێستاش بەکارە هونەریەکانی هێندە هەستی بزواندووم کە خوازیاری ئەوەبووم کە کەسێکی کورد بوایە، بۆیە هەردەم کارە هونەرییەکانی

ئەو کەسە بەبەشـێك لە کەلتورە هونەرییەکەی نەتەوەکەمـی ئەزانـم و هیـوادارم ڕۆژێك هونەرەکەی ئێمەش لەوئاستەدا کەسانی بیانی باوەشـی بۆ بگرنـەوەو بەسـامانی نەتەوەیی خۆیانی بزانن.

*** لـەو دەمەدا تیپی مۆسـیقای سـلێمانی کۆمەڵێك بەرهەمی جوانی پێشکەش کرد، ئایا تۆ پێت وایە ئێسـتا ئەم تیپە وەك جاران ڕۆڵی کارای هەیە لەخزمەت هونەری کوردیدا ئەگەر وایە ڕۆڵی هەیە ئەی بۆچی ئێسـتا ناتوانێت بەرهەمێکی زیندووی وەکو ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان پێشکەش بکات ، ئەگەر نەیتوانیووە هۆکارەکەی چییە ؟**

- ئەو سـەردەمەی تیپی مۆسیقای سلێمانی تێدادامەزرا، سەردەمێکی سەخت و دژوار بوو، سـەردەمێك بوو پێویسـتی بـە هونەرمەندی هۆشـیار و نیشـتمان پـەروەر بوو، راسـتە ئەو بەرهـەم وکارە هونەرییانەی ئەو سـاتانە ئەنجام دران، جێـی ڕەزامەندی خەڵکی بوو، ئەوسەردەمە سەردەمی بەرگری بوو، بەرگری لە خاك کەکاری پێشمەرگەو ڕێکخستنە کانی نێوشارو شارۆچکەکان بوو، بەرگری لە هونەرو کەلتور کە لەهونەرمەندی خـاوەن ئەزموون و بەئەمەك بەرامبەری گەل ونیشتمان ئەوەشایەوە، کام کاری هونەریـت بکردایە زۆر بە ئاسـانی لەلایەن میللەتەکەمانەوە باوەشی بۆ ئەکرایەوە، لەبـەر ئەوەی میلەتیش دەرکی بەوە کردبوو کە تاکە ڕێیە بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی کەلتورو هونەرەکەمان کە داکۆکی لە بوونی میللەتەکە ئەکرد، بەڵام ئێستا سەردەمێکی ترە، سەردەمی ئەوەیـە کەهونەر ببێتـە ئاوێنەیەکی جوان بۆ پیشـاندانی ڕواڵەتی جوانـی نەتەوەکەمان، لەبەر ئەوەی ئاشـکرایە کە وتراوە گەر ئەتەوێ لـە ئەزموونـی گەلێك تێبگەی لـە ئەدەب و هونەرەکەیەوە دەسـت پێبکـە، بۆیە ئەم ڕۆ ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیە کە دەسەڵاتداری بەئەمـەك بەرامبـەر گـەل و نیشـتمان ئەو دڵسـۆزیەی ئەوسـاتانەی تیپی مۆسـیقای سـلێمانی بیر نەکـەن، هەوڵبدرێـت لە ڕێ داواکانیانـەوە زەمینەیەکی لەبارتر بۆ هونەری کوردی ب ڕەخسـێنرێ، من لەیادمە ئەوساتانە تەنها ئەرکـی هونەرمەند ئامێری مۆسـیقا ژەنیـن نەبوو، ئەبوایە هونەرمەند بیزانیایە چی ئەژەنێ، بۆ چ مەبەسـتێك مۆسیقا ئەژەنێ، تیپی مۆسـیقای سـلێمانی چەندین لیژنەی هەڵسـەنگاندنی بـۆ کارە هونەرییەکان هەبوو تەنانەت لیژنەی تایبەتی بۆ هەڵسـەنگاندنی کارە هونەرییەکانـی فیسـتڤاڵەکان تایبەتی بوون، بۆیە هەر لەوساتانەوە لەتیپی مۆسیقای سـلێمانی دەرك بەوە کرابوو کـە ئەبێت هونەر لەگەشەسـەندنی بـەردەوام دا بێـت، هونەر ئەوسـاتانە پەیامەکەی خۆی نـەدۆ ڕاندبوو، هیوادارم لە ڕێی خەڵکی بەئەمەکەوە ئێسـتاش پارێزگاری لەوپەیامە بەرزە بکات.

***بە ڕێزتان وەك دامەزرێنەری بەشی موزیکی پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانی سـلێمانی، پێتانوایە تا چەند پەیمانگای هونەرە جوانەکان توانیویەتـی کادری هونەری باش پێبگەیەنێت ئەگەر وایە بۆچی سـاڵانە دەیـان قوتابی لە پەیمانـگا ب ڕوانامە بە دەسـت دەهێنن بەڵام ئەوەی لەبواری هونەری کوردیدا بەردەوامن لە پەنجەکانی دەست تێناپە ڕێت ؟**

- لـە هەموو دنیادا هەر وایـە، مەرج نییە ئەو کەسەی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێـت، بتوانێ بەتەواوی لەهونـەردا کار بکات یـان ببێتە هونەرمەند، زۆر کـەس ئەبینم بەناو دەرچووی زۆر لەکۆنسەرفاتۆریۆمەکانن، بەڵام ب ڕوانامەکەیـان بەقەدکـراوی لە گیرفانیانەو لەوە ئەچـی تەنها بۆ مەبەسـتی دامەزراندن کەڵکی لێوەربگرن، ئەوێـش تەمەنێکی کورتی ئەبێت، لەبەر ئـەوەی کەدەرکەوت خاوەنی هیچ ئەفراندنێك نییە، بەئاسایی لە دامەزراندنەکەشی پەشیمان ئەبنەوە، هەرچەندە لای خۆمان هێشتا کار و ئەفراندن جێی بەب ڕوانامە لەق نەکردووە، بەڵام هەرەوای لێدێت، کە کەسـانی زۆر بەتواناو خاوەن بەهرە نەبن لەو دامودەستگا هونەرییەکان جێیـان نەبێتـەوە، لەتەمەنی مامۆسـتایەتیم لەپەیمانـگا پتر لە ٢٠٠ خوێنـدکار خوێندنی پەیمانگایان تەواوکرد،بەڵام ئەوانەی لەبەرچاون، یان خاوەنی بەهرەو ئەفراندنێکی هەست پێکراون ژمارە کەیـان لە ٢٠ تێپە ڕناکـەن، هەرچەندە تـا ئێسـتاش پەیامـی ئـەو پەیمانگایانـە هەرپێگەیاندنی مامۆستایەکی هونەرییە، ئەوەی خۆی لەبواری هونەرەکـەدا ئەهێڵێتەوە بەهۆی ئازایەتی و بەهـرەی خۆیەتی، منیش هیوادارم پەیامی ئەو فێرگە هونەرییانە ڕوون و ئاشکراتر بێت، لە پەیمانگایەکی مامۆسـتا پێگەیاندنەوە ببنە پەیمانگایەکی هونەری.

***ئایا سیسـتەمی پـەروەردەی هونـەری لە کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری نییە ؟**

- بەڵـێ ئەوێـش وەکو هەموو سیسـتمەکانی تر زۆر پێوسـتی بەپلانی نـوێ و پێگەیاندنە نوێکانە، هەڵبەتە ئێسـتا سـەردەمێکی نوێیە، ئەو سـەردەمانەی ئێمە تەنانەت نۆتە بەدەست و خەتی خۆمان ئەمان نووسـی، بەڵام ئێسـتا، راگەیاندنـەکان ئەوەنـدە لەبار و لەبەردەسـتن خوێندکار زۆر بەئاسانی ئەتوانێ ئاگاداری هەموو پێشـکەوتنە نوێیەکان کان بن، بۆیە زۆرگرنگە دەسەڵاتدارانی پەروەردە زۆر هۆشیارانە ڕەچاوی ئەم خاڵە گرنگە بکەن، هەردەم کارئاسانی بکەن بۆ گەیشتنی مامۆستا و خوێندکارەکان بەشێوە و ڕێگا زانستییە نوێیەکان.

**ئێـوەی هونەرمەندانـی خـاوەن ئەزموون چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەوەی سستەمێکی نوێی هونەری لە کوردستان بهێننە ئاراوە ؟**

- هەرکاتێ هونەر گەیشـتە ئـەو ئاقارەی کە خاوەنی پەیامە ڕاستەقینەکەی خۆی بێت، ئەوا پێویستی بە پێشنیاری من نابێت، بەپێچەوانەشەوە گەر هونەر بێ پەیام بوو بەهەزاران پێشـنیاری من و کەسانی تریش لەبرەودا نابێت، بۆیە کاری بەرپرسـان و کارمەندانـی هونـەر ئەوەیە زۆر باش لە ئـەرك و کار و پەیامی هونەر تێبگەن، ئەوکەسانەی کە هونەریان کردۆتە داردەستێك بۆ بەدەسـتهێنانی مەرامە گڵاوەکانی خۆیان هەر

گەر ئەتەوێ لە ئەزموونی گەلێک تێبگەی لە ئەدەب و هونەرەکەیەوە دەست پێبکە



زوو واز لەوکارە نا هەموارانە بهێنن، بە راستی ئەمە لێپرسراوێتییەکی مێژووییە، ئەوەی دەستی هەبێ لە تەشەنەکردنی ئەوجۆرە نەخۆشیانە دوا رۆژ لێپێچینەوەیان لەگەڵ ئەکرێت، مێژوو جگە لە نازناوەکەی زیاتریان ناداتێ.

***موزیك پەیامێکی گرنگە بۆ لێك گەیشتی نەتەوە جیاوازەوەکان و دروست کردنی پردی پەیوەندی کلتوری فەرهەنگی لە نیوان نەتەوە جیاجیاکان ئایا کورد تا چەند توانیویەتی ئەو ئامانجەی لە هونەری موزیك هەیەتی و هەیبووە بیگەیەنێت و ئەو پردی پەیوەندییە دروست بکات؟**

- هونەر پەیامێکی گرنگە، هۆکارێکە بۆ رواڵەت ناسینی میللەت،هەر کاتێ هونەر ئاستەکەی ئەوەندە فراوان بو بتوانێ سنورەکان ببەزێنێ، ئەوا ئەو ئەرکەی خۆی بەجێ ئەهێنێ، بەڵام هونەر لەخۆیەوە ئەو ئەرکە نابینێ، لەبەرئەوەی هەردەم هونەر پێویستی بەکەسی کارامەو لێزان بووە، پێویستی بەئەفراندنەکانی تاکە کەسی هەیە، تا ئەو ئەرکە پیرۆزە ببینێ، بەداخەوە ئەڵێم هونەری ئێمە هێشتا لەبازنەی لاسایی کردنەوە دا ئەخولێتەوە، ئەو کەلتورە جوان و رەسەنەمان وەلاوە خراوە، هەرچەندە من ترسی فەوتاندنیانم نەماوە، بەڵام نەشونماکردنیان ئەرکێکی پیرۆزە، کەڵك وەرگرتن لێیان کارێکی بلیمەتانەیە، من زۆر دڵشادم کەسێکی وەکو عەدنان کەریم و مەریوان سەفا ئەدین و چەندینی تریش کەم کەمێك ئەو ئاوازە پێشینیانە بەجۆرێکی سەردەمیانە تر ئەچ رنەوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا چەسپاندنی ئەرکەنیشتمانییەکەیە، ناسین و نوێکردنەوەی رەسەنایەتیەکەمانە، جا ئەوساتەی مۆرکی رەسەنی کوردی بەشێوازەکانیەوە کەوتنە بەر گوێ و دیدەمان، ئەوساتە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین دروست بونی ئەو پردە تا دروستبوونی سیمفۆنیەکی کوردی لەوێوە دەست پێئەکا.

***زۆرهەن رەخنە لەمۆسیقاو گۆرانی کوردی دەگرن لە کاتێکدا رەخنە گری جیددی نین تۆ چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە پێتوایە ئێمە رەخنەگری جیددیمان لە بواری موزیك و گۆرانی کوردی هەیە ؟**

- هەموو کەسێك بۆی هەیە و مافی خۆیەتی رەخنە بگرێ، پێشکەوتن و فراوان بوونی ئاستی زانیاری هونەری لەناو میللەتەکەوە دەست پێدەکا، هونەرێك تا میللەت رێزی نەگرێ کرچ وکاڵە، هەرچەندە هونەر زۆرجار لەئاستی رۆشنبیری میللەت بەرزترە، بەڵام ئەبێ بەلای کەمەوە لای خەڵکی پەسەند بێت، بەواتایەکی تر بەمیللەت هەرس بکرێت، نەك هونەرێکی بەمیللەت نامۆ بێت، هونەرێك کە میللەت پێی ئاشنا نەبێت کەسێکی بێگانە چۆن لێت رازی ئەبێت، بۆیە واچاکترە کە هونەرمەند گوێ لەهەموکەسێك بگرێت، بەمەرجێك بەرامبەرەکەی کەسێکی بەویژدان بێت، نەك هەموو مەبەستەکەی هەر رووخاندن و لەباربردنی کارە هونەرییەکە بێت، بە رای من رەخنەگری راستی هەمێشە کەسە روخێنەرەکان نین بەئاستی ئەوەی کە لەئاستی پاراستنی کەلتورەکە ئەدوێن، بەئاستی دڵسۆزیان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەکەمان، نوسەری راستگۆ مەبەستی سەرەکی بەرەو پێشچوونی هونەرو بەرز راگرتنیەتی، تا تاکی هونەرمەند لەسەر ئاستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هونەر نەکات، هەرچیەکیشی لەبارەوە بنوسرێ هەر بێهودەیە، جا رەخنەگری راستی بیلێ یان هەرکەسێکی تری میللەتەکە بێت.

***ئەو پاشاگەردانییەی کە لێرەو لەوی باس دەکرێت کە دەڵێت لە هونەری کوردیدا هەیە تۆ پێت وانییە بەس زۆری پەیوەندی بە نە بوونی سانسۆڕ و نەبوونی رەخنە گری جیددی لەبواری هونەری دا هەیە ؟**

- بێ پلانی لەهونەرو لە پەیامی هونەر نەگەیشتن هۆکاری دروست بوونی قەیرانن، بەداخەوە تا ئێستا دەسەڵاتیش لەپەیامی هونەر نەگەیشتووە، من رام وایە ئەو چەکەی کە سەدان ساڵە بۆ نیشتمان کراوەتە شان بۆ رزگارکردنی کوردستان، لەئاستی پەیامی راستەقینەی هونەردا نەبووە و قەتیش نابێ، ئەو کەسانەشی کەدەستیان لە درووست بوونی ئەو وەستانەی ئاستی رۆشنبیری و هونەریەدا هەیە باسەدان تەلاریان لەکوردستاندا دروستکردبێ، بە هەموویان ناچنە ئاستی بەربەستێك لە رووی پەرەسەندنی هونەری میللەتەکەدا، هەرکەسێ ببێتە هۆکاری پاشاگەردانی لەناو هونەری میللەتەکە بەکەسانی تاوانبار هەژمار ئەکرێن، دەبێ سانسۆر لەناخی تاکی کورد خۆیەوە دەست پێبکات، هەر کاتێ هونەرمەند ناخی خۆی بووە سانسۆر ئەو کاتە کاری خراپ و نابەجێ ناکات، کارێك ناکات زیانێکی بۆمیللەتەکەو ناوبانگی میللەتەکە هەبێت، کەهونەرمەندی خاوەن ئەزمون و بەپلان و سەرقاڵی ئەفراندنێك بوو، ئەوا بوونی سانسۆر کارێکی زۆر باشە جا سانسۆرەکە پرۆفیشیۆناڵ بێت ئەوا سەدان جار بۆ بەرەوپێشچون و فراوانکردنی ئاستی هونەرەکەمان سوودی هەیە، لە هەموو ساتێکدا هونەر پێویستی بە سانسۆر هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستا سانسۆر لەئاستی خودی هونەرمەندەکانە نەك لەسەر ئاستی کارە هونەریەکان، بۆنموونە زۆر لە تەلەفزیۆنەکان سانسۆریان خستۆتە سەر هەندی ناو جا ئاستی هونەری هەرچۆنیك بیت، گرنگ ئەوەیە کە ناشێ هونەری ئەو هونەرمەندە لە شاشەکەی ئەوانەوە پیشان بدرێت، ئەمە لەساتێکدا لەهەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنیدا هەندێ بابەتی منداڵان لە ئاواز و گۆرانی و سەما بەشێوەی راپ بڵاو دەکرێتەوە، کە لە ەموو جیهاندا، جیهانی منداڵان بەجیهانێکی زۆر ناسك و ترسناك ناسراوە و ئەبێ شێوەی زمان و تایبەتمەندی ئاوازو گۆرانی و مۆسیقایەکانیان زۆر تایبەت بەمنداڵان بێت،خاوەنی رەسەنایەتیەکی زۆر بیت بەمەرجی نزیکی لە تەمەنی منداڵەکەوە رەچاو بکرێت.

***تۆ یەکێك بووی لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای شۆڕش باشە، پێویستی دروست بوونی ئەو تیپە لەو کاتەدا چیبوو ؟ ئەو کارە دیارانە چی بوون ئەو کاتە پێشکەشتان کرد ؟**

- ئەوساتە بوونی تیپی مۆسیقای شۆ رش پێویستیەکی مێژویی بوو، ئێمە رۆژانە زۆر لە رۆژنامەنووسان و چاودێران و نوسەرانی بیانیمان ئەبینی، لایان سەیربوو کە میللەتی کورد کە هەر ناوی بەشاخ و چەك و شە ر بڵاو کرابۆوە، تیپێکی مۆسیقای گەورە لەو رۆژەدا کە ژمارەی لەئەندامەکانی (سی) زیاتربوو،

هەرکەسێ ببێتە هۆکاری پاشاگەردانی لەناو هونەری میللەتەکە بەکەسانی تاوانبار هەژمار ئەکرێن



شان بەشانی هاو ری پێشمەرگەکانیان بە پیشاندانی کاری هونەر ساز و ئاواز پێناسەی میلەتەکەیان ئەکرد، بۆیە پێم باشە بەری ئەوخەباتانە هەروا بەئاسانی لەلایەن کەسانی نەزان و هەلپەرست لە بار نەبرێن.

*** تۆ پ رۆژەی لێکۆڵینەوەی (پۆلێنێکردنی پەیژەو فۆ رمەکانی مۆسیقای کوردیت لە بەر دەستە، ئایا ئەم پرۆژەیەت بە کوی گەیشت؟**

- لە قەوارەی پەرتوکێکی ٧٧١ لاپەرەیی و بە فۆرمی A٤، تەواو بووە،کە بریتییە لە نووسین و دا رشتنی چەند تیۆرێکی نویٚ لەسەر بنەمای زانستییە جیهانییەکان، بۆ پۆلێنکردنی پەیژە مۆسیقییە کوردییەکان، لە سەر بنەمای هەردوو زانستی پەیژەی دیاتۆنیك و کرۆماتیك، هەروەها دانانی تیۆر بۆ گەشەدان بەپەیژە مۆسیقییەکان لەبواری یەك پارچە ئاوازدا و رزگار کردنی ئاوازو گۆرانی کوردی لە قاڵبی گۆرانی فۆلکلۆری و گەیشتن بەئاکامی نوسینی ئەنسترومینتاڵی، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا بەچاپی ئەگەیەنم و ئێستاش سەرقاڵیٚ بەهۆڵەندی کردنیم لە گەڵ پسپۆ رانی زمان و مۆسیقاش، لەبەرئەوەی زمانەکەی خۆم بەبیٚ یارمەتی پسپۆری زمان بۆ ئەو جۆرە کارانە ناشیٚ.

***سالآنی هەشتاکان کۆمەڵێك تیپی هونەری دروست بوون کە کۆمەڵێك گەنجی ئەو کاتە کاریان تیادا دەکردو ئێستاش بوون بە دەنگ لە هونەری کوردیدا، بۆ نموونە هونەرمەند ( سالار سەلمان . کەمال محەمەد، نەریمان بابان، کاروان عوسمان ) و هتد،،،، پەیوەندی تیپی مۆسیقای سلێمانی لەگەڵ ئەم کەسانە تا رادەیەك لاوازبوو، تۆ هۆکارەکانی نەبوونی ئەو پەیوەندییەی بۆ چی دەگەرێتەوە، ئەگەر تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەو کاتە چەترێك بووە بۆ هونەرمەندانی سلێمانی بۆ پەیوەندی لەگەڵ تەواوی هونەرمەندان بەبیٚ جیاوازی نەبەستووە؟**

- وەکو باسمانکرد ئەوسەردەمە سەردەمێکی دژوار بوو، سەردەمی بزوتنەوی ئازادی خوازی سەرفەرازی لە رێگەی هونەرەوە دەستی پیٚ کردبوو، سەرەتای دروستبوونی ریزەکانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بوو، رژێم هەوڵی ئەدا سەرەداوێکیش بێت، لەوبارەیەوە دەستی کەوێت، هەروەها تیپی مۆسیقای سلێمانی واخۆی پیشان ئەدا کە ژمارەی ئەندامانی ئەوەندە کەمبۆتەوە کەناتوانیٚ کۆنسێرتێك بەئەنجام بگەیەنیٚ، بۆ دوورکەوتنەوە لە بەشداری کردن لە جەنگە نا رەواکەی،کەبەسەر گەلی عێراقی سەپاندبوو، هەروەها بۆ دورکەوتنەوە لە بەشداری کردن لە فیستڤاڵەکانی قادسییەی دۆ راو، بۆیە تیپی مۆسیقای سلێمانی زۆر بە سڵەمینەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروپشتدا ئەکرد، دووبارە تیپی مۆسیقای سلێمانی تائێستاش خاوەنی مۆرکێکی تایبەت بەخۆیەتی، هەرکەسێك بیویستایە لەتیپی مۆسیقای سلێمانی نزیك بێتەوە، ئەبوایە بەو مۆرکو ستایلەی تیپی مۆسیقای سلێمانی رازی بێت، بۆیە دوورکەوتنەوەکە تەنها لەلایەن تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە نەبوو، لەوسەردەمانەشدا هەرکەسیٚ بیویستایە لەژێرسێبەری تیپی مۆسیقای سلێمانیداو لە روانگەی رەسەنایەتی هونەری کوردییەوە کار بکات، هیچ رێگرێك بەدی نەدەکرا، هەروەها تیپی مۆسیقای سلێمانی خاوەنی یاساو پەیرەوی خۆی بوو، هەرکەسیٚ ببوایە بەئەندام لەو تیپە بۆی نەبوو جگە لەویٚ و شوێنی نانپەیداکردنی لەهیچ گروپ و تیپێکی تر کار بکات.

***ئێوە چۆن لە کاری ئەو کۆمەڵە گەنجە دەتان روانی کە تا ئەم رۆش گویگرێکی زۆر لە هەوادارانی هونەری کوردین موتابەعەی کارە هونەرییەکانیان دەکەن ؟**

- هەرکارێکی هونەری بە شێوەیەکی زانستی بەئەنجام گەیانرابیٚ، جا خۆماڵی یان بێگانە بێت، هەروەها گەرکارێکی کوردی خاوەن رەسەنایەتی و مۆرکی کوردی بێت، ئەوا جێیٚ سەرنجی مووکەسێکە نەك ئێمە، هەرکەسیٚ بەئاستی تاڵەمویەك بخاتەسەرخەرمانی هونەری کوردی جێی ئاماژەکردن و ستایشکردنە.

*** ئەو ستایلە نوێیەی ناو گۆرانی و موسیقای کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

- من هیچ ستایڵێکی نویٚ نابینم،من نازانم ستایڵ بەچی ئاماژە دەکەن، ئایا جۆری راپ ستایلی کوردی یە..؟ ئەو جۆرە مۆسیقایانە کە ئامێری رۆژئاواییان تیایە زۆر لەکۆنەوە لەناو مۆسیقای کوردی دان، ئیتر من نازانم مەبەستتان لەستایڵی نویٚ چییە، ئازیزم دەرك بە رەسەنایەتی ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، هەمووکەس خۆی لەقەرەی بدا........، لەناو هەموو کەمان ژەنانی عێراقی فالحە کوێر ئەیتوانی مۆسیقای جبایشەکان لێبدا، تەنها نایەکەی (خچر الياس) مۆرکی عەرەبی پێوە بوو، هەمو تورك کوسیان بەئاستی موستەفا کاندیرالی (mustafa kandirali) کلارنێت بە تورکی ناژەنن، کەس لەئاستی حەسەن زیرەکدا مۆرکی رەسەنی کوردی ناچ ریٚ،گویٚ لە وگۆرانیانە بگرە لەگەڵ تیپی مۆسیقای رادیۆی بەغداد تۆماری کردووە، عەلی مەردان دەیان مۆسیقا ژەنی عەرەب لەپشتییەوە بوو، رەسەنایەتی خۆی لەدەست نەدا، هیوادارم تۆزیٚ بەزانستیانە زیاتر لە ستایڵ بدوێێن.

هەموو کارە هونەرەکانم زادەی مێشکو بیروهۆش و تواناو ئەفراندنی خۆمە لەهیچ کارێکم پەشیمان نیم، لەوانەیە لە هەندیٚ هەڵسوکەوتم لەناو بواری هونەردا پەشیمان بم، بەتایبەتی یارمەتیدانی هەندیٚ کەسی بیٚ ئەمەك،کە پاداشتی ئەو یارمەتی وهاریکاریەیانم بەشێوەکی پ ر بەئاستی بەئەمەکیان بوو، بەرە بەرە خەریکی نوسینەوەیانم.

*** دوای ئەو هەموو ئەزموونە هونەرییە ئێستا خۆت لە کۆیی هونەری کوردیدا دەبینیتەوە؟**

- من پێمخۆشبوو لەئاستێکی زۆر بەرزدا هونەری کوردی ببینم، هەر رۆژیٚ ئاستی هونەری کوردی باڵابوو، منیش هاوکارییەکم کردبیٚ ئەوا خۆم بەسەربەرز ئەزانم.

*** پرۆژە و بەرنامەی هونەریتان چییە ؟**

- سەرقاڵی کاری هونەری زۆرم، لە هەموویان گرنگتر لەلام بەهۆڵەندی کردنی لێکۆڵینەوەکەم بۆ پۆلێنکردنی پەیژەمۆسیقاکانی کوردی، هەرکامیان کەوتنە ساتی بڵاوکردنەوە خۆیان لەخۆیان ئەدوێن.

**عەلی مەردان دەیان مۆسیقا ژەنی عەرەب لەپشتییەوە بوو، رەسەنایەتی خۆی لەدەست نەدا**

